# تیرۆرو تۆقاندن لەڕوانگەی کامۆوە

## گەڕاندنەوەی چەمکی مرۆڤایەتی بۆ مرۆڤ بوون



ئامادەکردنی : لوقمان رەئوف

### ژیاننامە

ئەلبێر کامۆ لە (١٩١٣/١١/٧) لەشاری (نرعان) لەجەزائیر لەسەروبەندی داگیرکردنی فەرەنسیەکاندا، لەخێزانێکی فەرەنسی نیشتەجێی جەزائیر لەدایکبووە، دایکی بەرەگەز دەگەڕێتەوە سەر ئیسپانیەکانو باوکیشی لەسەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا، کۆچییدواییکردوە و کامۆش لەساڵی (١٩٦٠) بەرووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی دەکات.

کامۆ لەبارودۆخێکی خراپ لەنێوان هەژاریو نەداریدا دەژیا، ئەمەش وایکرد لەسەردەمی خوێندکاریدا دوو ساڵ پەنا بۆ کاری دەستی ئاسان ببات، لەگەڵ ئەوەی لەکاتی خوێندنیدا لەجەزائیر تووشی نەخۆشی سیل دەبێت، وئەمەش کار لەچالاکی وەرزشیو خوێندنی دەکات، و دواتر لەساڵی (١٩٤٩) نەخۆشی سیلی تێدا دەردەکەوێتەوە، ئەمەش وایکرد دووساڵ لەژێر چاودێریو لەنەخۆشخانە بیهێڵنەوە، لەساڵی (١٩٥٠) دا لەفەلسەفەدا خەڵات وەردەگرێتو ساڵی دواتریشی دەستیدایە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی کەبەناوی (ئەفلاتونیەتی نوێ)یەو خەڵاتی نۆبلی لەساڵی (١٩٥٧) پێوەرگرت، ئەم کتێبەش بچوکترین کتێبە کە خەڵاتی پێوەرگیرا بێت لەدوای (رووبارد کبلنغ) : نەك بەهۆی کتێبی (دارمـــاو) کەساڵی پێشتر بڵاوکرایەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو وتارانەی کەدەینوسینو رەخنەی لەیاسای سیداردان دەگرت.

کامۆ لەساڵی (١٩٣٦) بەشداری چالاکی شیوعیەت لەجەزائیر دەکاتو داوای سەربەخۆیی دەکات، ئەمەش نەبووە مایەی سەرنجراکێشانی هاوڕێکانی لەحزبی شیوعی فەرەنسیدا.

لەگەڵ ئـەوەی کامۆ لەکایە جیاوازەکانی وەك شانۆ و ڕۆژنامەگەری کاریکردوە

## کارە ئەدەبیەکان

لەسەرەتاکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا بانگی ئاشتیدەکرد، بەڵام دواترو ئەو کاتانەی کەنازیەکان (گابرییل بێری) یان لەسێدارەدا، بیروڕای گۆڕا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەدژی داگیرکاری نازیەکانو چووە ڕیزی شانەی (هەوڵدان) وەك نوسەر کاری بۆ ڕۆژنامەی (هەوڵدان، کفاح)، واتە هەمان ناوی شانەکە بکات.

لەساڵی (١٩٤٢) چوو بۆ بوردۆ، لەم ساڵەشدا یەکەم کتێبی نووسینی خۆی تەواوکرد بەناوی (کامۆو ئەفسانەی سیزیف) لەساڵی (١٩٤٣) دا فەیلەسوفی ناسراو (جان پۆل سارتەر)ی ناسی لەکاتی کردنەوەی شانۆگەری (الذباب) کەلەم دواییانەدا نووسیبووی، لێرەوە هاورێیەتێکی قوڵو بەهێز لەنێوانیاندا دروستبوو، بەمەش کاریگەری بیریان لەسەر یەکتری هەبوو.

لەکۆتایشدا بوو بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی (هەوڵدان/الکفاح)و پاشانیش ئاراستەی کارکردنی شۆرشگێری گۆڕیو بوو بەڕۆژنامەیەکی بازرگانیو لەساڵی (١٩٤٧) وازیلێهێنا، بەڵام بەردەوام لەچوارچێوەی سارتەردا کاریدکرد، دواتر بەگەشتێك چوو بۆ ئەمریکاو هەندێ وانەی لەسەر بوونگەرایی وتەوە، لەگەڵ ئەوەی خۆی چەپ بوو، بەڵام لەئەنجامی ڕەخنەکانی لەسەر ستالین، لایەنگرێکی زۆری لەخۆی کۆکردەوە، بەڵام دواجار خۆی بەگۆشەگیری هێشتەوە، تاخۆشی لەسارتەر دوورخستەوە.

لەساڵی (١٩٥١) کتێبی (التمرد)ی بڵاوکردوە، تێیدا شیکارێکی فەلسەفی بۆ هەڵهاتنو شۆرشکردوە، تێیدا بەڕاشکاوی شیوعیەتی وەلاناوە، ئەمەش زۆر لەهاورێکانی بێزاردەکاتو بووبەهۆی جیابوونەوە تەواوی لەسارتەر، جگەلەمەش ئەم کتێبە تووشی دابڕانێکی خراپو کەئابەی کرد.

## کارە فەلسەفیەکان:

گرنگترین کاری فەلسەفی کامۆ بریتیبوو لەبیری عەبەسی ، بیرەکەش لەپێویستییان بۆ ڕوونیو واتا بەرهەمهێنراوە، جیهانێك پڕە لەپێشکەوتنی بێ ڕوونی و بێواتایی، ئەو بیرەیەکە لەئەفسانەی سیزیفدا داهێنانی تێدا کرد، لەئەنجامی ئەمەشەوە زۆرێك وا کامۆ دەبینن، کەبوونگەراییە وەك لەوەی عەبەسی بێت.

لەساڵانی پەنجاکاندا خۆی بۆ کاری مرۆیی تەرخانکرد، لەساڵی (١٩٥٢) دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەپۆستەکەی لەرێکخراوی یونسکۆ ڕاگەیاند، ئەمەش لەبەرئەوەی نەتەوەیەککگرتووەکان ڕازیبوو بەوەی کەئسپانیا ببێت بەئەندام لەنەتەوەیەککگرتوەکان لەگەڵ ئەوەی لەژێر حوکمی جەنەراڵ فرانکۆ دابوو، جگەلەمەش لایەنگری بۆ چەپ، نەبووە هۆی ڕێگری لەرەخنەگرتن لەسۆڤیەت، ئەویش لەئەنجامی ئەو ڕێگەیەی کەگرتیەبەر لەراپەڕینی کرێکاری بەرلینی ڕۆژهەڵات لەساڵی (١٩٥٣)، لەهەمانکاتیشدا لەساڵی (١٩٥٦) ڕەخنەی لەهەمانکار گرت.

## تێڕامانەکانی کامۆ لەسەر تیرۆرو تۆقاندن

لەڕاستیدا خاوەنی (مرۆڤی هەڵهاتوو) بەردەوام لەناوجەگەری ڕووداوەکاندا بووەو لەگەڵیاندا ژیاوە، بۆیە بەردەوام لەسەری نوسیونو زۆرجاریش بۆ فەلسەفەی بیری لێوەرگرتن ، جگە لەمەش هەمان بیرکاری لەسەر کارە چیرۆکو ڕۆمان نووسینەکانی کردووە، کەشەڕو تۆقاندنی پێچەوانەکردوەتەوە، وەك ئەوەی کەجیاوازیان کردبوو لەسەدەی بیستەمدا، ئەمەش زیاتر لەوتارە سیاسیەکانیدا ڕەنگی دابوویەوە کەساڵی (٢٠٠٢)بڵاوکرانەتەوە، کەباس لەحاڵەتی ناخۆشی جەزائیر دەکات، پێش ڕودانی شەڕی ئازادی تیشرینی دووەمی (١٩٥٤) ، یان باسی لەبارودۆخی ئەوروپا دەکات لەسەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا، ئەو کاتەی کەلەرۆژنامەی (کوسب) واتە (شەڕ، معرکە) لەساڵی (١٩٤٤) تاوەکو (١٩٤٧) کاریدەکرد، یاخود لەبارەی



هەڵوێستی لەسەر تیرۆرو تۆقاندن لەرێگەی شەڕ دروستکردن لەنێوان هاووڵاتیانی جەزائیرو سوپای فەرەنسا، ئەم وتارانەی کەلەسەر تۆقاندنو تیرۆر نووسینی، زیاتر وەك بیرمەند دەرکەوت.

یەکەم وتار کەکامۆ لەرۆژنامەی (کوسبا) نووسی لەبارەی لێدانی هەردوو شاری (هێرۆشیماو ناکازاکی) یابانی بوون، کەلە (٨/١٩٤٥) روویداو تێیدا دەڵێت: (شێوەیەکی زۆر درانـدانـەی لەناوبردنە، کە مـرۆڤ بـەدرێـژایـی سـەدەکان پێگەیشتووە).

هەروەها بەوە وەسیفکردوە کە (کردارێکی تیرۆرکردنی رێکخراوە) لەدرێژەی وتارەکەیدا دەڵێت: ( ئەمە شێوەیەکی نوێ توندوتیژیە).

لەمبارەیەشەوە دەڵێت :(تیرۆرو تۆقاندن هێزێکی تەکنۆلۆژیو زانستیەو شارستانیەتی تەکنۆلۆژی گەیشتووەتە ئەوپەری پلەی وەحشیگەریو پێویستە لەسەرمان، لەئایندەیەکی نزیکدا لەنێوان خۆکوشتنی بەکۆمەڵو بەکارهێنانی زیرەکانە بۆ دۆزینەوە زانستیەکان، یەکێکیان هەڵبژێرین).

لەئەنجامی کوژرانی ئەو خەڵکە زۆرەی کەلەرووداوەکانی ناکازاکیو هێرۆشیما کـەوتـەوە، کامۆ سـەدەی بیستەم بەسەدەی ترس ناوبرد و دەڵێت :(سەدەی حەڤدە سەدەی بیرکاری بوو، سەدەی هەژدەش سەدەی زانستی فیزیایی بوو، سەدەی نۆزدەهەش سەدەی زانستی بایلۆجی بوو، بەڵام ئەم سەدەی ئێمە، واتە سەدەی بیستەم سەدەی ترسە).

هـەروەهـا دەڵێت:(شتێك ئێمەی لـەنـاوبـردووە، بەهۆی رووداوەکانی ساڵانی رابردوو کەتێیدا ژیاوین، ئەو شتەش متمانەی ئەبەدیە لەمرۆڤدا، کەبەردەوام پێتوایە دەتوانی لەمرۆڤی تـردا بەدەستبهێنرێت، لەسەر پەرچە کرداری مرۆیی، کاتێك کەبەزمانی مرۆیی لەگەڵ دەدوێـین، زۆریان لەدرۆو رقو کوشتنو ئەشکەنجە بینی، هەموو جارێکیش زەحمـەت بوو قەناعەتی پێبکەین دەست لەوە هەڵگرێ، لـەبـەرئـەوەی متمانەیان بەخۆیان هەبوو، جگەلەمەش زەحمەتە کاتێکی پەتی قەناعەتی پێبکەین، واتە ئەوەی نوێنەری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوە).

هەروەها بەرپرسیاریەتی ئیرهابی نوێ ئەخاتە ئەستۆی ئایدۆلۆژیای نوێکانەوە، کـەهـەوڵی توندوتیژیدەدەنو لەمبارەیەوە دەنووسێت (ئێمە لەچەقی توندوتیژیدا دەژین، بۆیە قەناعەتپێکردن، لەوانە نییە ببێتە شتێکی دروست، چونکە مـرۆڤ خۆی بـەتـەواوی تەسلیمی مـێـژووکـردوە، بۆیە ناتوانێ ئاوڕ لەو بەشە نوێیەی بداتەوە، کە بەشی راستەقینەیە، کـەئـەمـەش لـەبـەردەم جوانـی ژیـانو روخسارەکاندا دەستیدەکەوێتەوە هەر مێژوە، ئێمە لەجیهانی پەتی دەژین، جیهانی نوسینگەو ئامێرەکان بیروبیروباوەری پڕوپوچ لەزەنێریەتی، ئێمەش لەنێوان ئەو مرۆڤانەی بڕوایان بەوەیە کەلەسەر حەقن دەخنکێین، ئیتر ئەوە پەیوەندی بەئامێرو بیرەکانیانەوە هەیە، بۆئەوەی لەم توندوتیژیو



تۆقینە رزگارمان بێت، لەسەرمانە بیربکەینەوە، یان بەپێی بیرمان بجولێین، لەگەڵ ئەوەی ئیرهاب رێگە بەبیرکردنەوە نادات).

دوا بەدوای ئەوەی سوپای فەرەنسا لەجەزائیر لەساڵی (١٩٤٥) هەزارەها خەڵکیان لەراپەرینی شاری (ستیف) کوشت، ئەلبێر کامۆ دەنگی سەرلەنوێ بەرزکردەوە لەبەرامبەر ئەم قەسابخانەیەداو لەرۆژنامەی (کوسبا)دا وتارێکی نووسینی بەناوی (تەنها دادپـەروەری دەتوانێ جەزائیر لەرقو کینە رزگاربکات) وتێیدا دەڵێت :(ژمارەیەکی زۆر بێتاوان کوژراونو وەك ئەم تاوانەش بەهەر شێوازێك بێت ناکرێت قبولبکرێت ، لەگەڵ ئەوەی من دەمەوێت بەدادپەروەری وەڵامیبدەمەوە، بۆئەوەی لەئایندەدا لێیدورکەونەوە).



سارتەر

بێگومان مەسەلەی ئیرهاب لەدەقەکانی کامۆدا، ئامادەیە، بەتایبەتی لەدوای ئەو بابەتانەی کەلەدوای جەنگی جیهانی دووەمـدا نوسراون، وەك شانۆگەری (بـارودۆخـی گەمارۆ –١٩٤٨) عادلەکان (١٩٤٩)و چیرۆکی (تاعون) هەروەها لەکارە فەلسەفیە بەناوبانگەکەیدا (الانسان وتمرد) لەهەموو ئەمانەشدا جەخت لەسەر ئەوەکراوەتەوە، کەتوندوتیژی بەتوندوتیژی وەلامنادرێتەوە، چونکە بەم کـارە جگەلە ئیرهاب، هیچی تری لێناکەوێتەوە، بەلام رەتکردنەوەی رژێمێکی نـادادپـەروەو بـەرزکـردنـەوەی کەرامەتی مرۆڤ، هەولدانە بۆ ئازادی.

هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەهەر کەسێك بکوژرێت بەبیانووی دژایەتیکردنی تاوان، لەوانەیە لەئاکامدا بکۆرت بۆ دیکتاتۆر، ئەمەش زیاتر لەشانۆگەری عادلەکاندا دیـارەو وێنـەی کۆمەلێك لەشۆرشگێرە رادیکالەکانی روس دەکـەن، کەپلانێکی کرداریی تیرۆر لـەدژی قەیسەر دادەرێـژن، یەکێك لەکەسایەتیە شۆرشگێرەکان کەناوی (کالیاییف) دەلێت :(رازیبووم کەبکوژم بۆئەوەی زولمو دیکتاتۆری نەهێلم، بەلام لەپال ئەمەشدا دەلێم دەترسم دیکتاتۆریکی تر لەئایندەدا بنیادبنێم، ئەگەر ئەمەش روویدا ئەوا من بکوژم، لەگەل ئەوەی دەمەوێت ببمە خۆشەویستی دادپەروەری ، کاتێك ستیڤان هێرشی بۆ دەبات، کەیەکێکە لەکارەکتەرەکانی شانۆگەریەکەیە دەلێت: (ئیرهاب شەرعیە) کالیاییف وەلامیداتەوەو نەخێر، مردنم هەلبژارد بۆ ئەوەی کوشتنی مرۆڤ سەرنەکەوێت، هەلمبژارد بۆ ئەوەی بەری وبێتاوان بم).

کاتێك شەری ئازادکردنی جەزائیر روودەدات لەسالی (١٩٥٤)، سەرلەنوێ کامۆ دەستی دایەوە باسی ئیرهابو لەهەندێ لەوتارەکانیدا باس لەکرداری ئازاردانی وەحشیانەدەکات، کەجەنەراله فەرەنسیەکان لەدژی خەلکی کردویانەو لەو کاتەدا نووسیویەتی (کرداری تۆلەسەندنەوە لەدژی خەلکیو کاری ئازاردان، تاوانێکە جگە لەئیدانەکردن هیچ شتێکی ترمان پێناکرێت، ئەگەر ئەم جۆرە شتانە لەنێوانماندا روویدات، نابێت ئەمەش ببێتە کارێکی پیشەییو دەبێت لەئایندەدا رووبەرووی ببینەوە، لەچاوەروانی ئەمەشدا لەسەرمانە هەموو ئەو پیلانانە پوچەل بکەینەوە، کەلەسەر ئەم رێگەیەنو ئەو کاتانەش کەئێمە سەرقالی ئەمەین، هەموو یاساو بەهاکان لەسێدارە دەدرێن).

جگەلەمەش کامۆ لەوە بێدەنگ نەبوو، کەخەلکی جەزائیر لـەدژی هاوولاتییە فەرەنسیەکانیان دەکرد لەسەردەمی (شەری جەزائیری پایتەخت)، ئەو کاتەی کۆمەلێك لەبەرەی ئازادی جەزائیری هێرشیاندەکردە سەر نادیو چایخانەو کۆگا بازرگانیەکان کەفەرەنسیەکانی لێبوو، بەبۆمبو رەشاش، لەسەر ئەمەش نووسیویەتی (دادپەروەری هەر چۆنێك بێت، ئەو دۆزەی پارێزگاری لێدەکەین، دەبێتەهۆی حەیاچۆن، بەهۆی ئـەو رەشـەکوژیـەی کەکۆمەلێك کوێر دەیکەنە سەرخەلکی بێتاوان، لەکاتێکدا بکوژ پێشتر دەزانێت کۆمەلێك مندالو ژن دەکوژێت).

هەروەها ئەوەی رەتکردەوە کە تیرۆروتوندوتیژی، بەتیرۆرو توندوتیژی وەلامنادرێتەوە، چونکە جەزائیری بۆ خەلکەکەی کردە دۆزەخ ، هەروەها داوای لەرۆشنبیرانکرد بەهەر شێوازێك بێت یاساو بۆ تیرۆرو تۆقاندنو توندوتیژی نەهێنەوە ، چونکە ئەمجۆرە کارانە لەکۆتاییدا جگە لەسەربرینو رەشە کوژی لەدژی خەلکی، هیچ تر بەرهەم ناهێنێت، جگەلەمەش هێلی جیاوازی لەنێوان بکوژو کوژراو تاوانبار و بێتاواندا ناهێلێت.

**سەرچاوە:**

الشروق اون لایت "Terrorism When Comus”